# سانت ئۆگۆستین:
# دەربارەی مامۆستا


**لە ئەڵمانییەوە: د. حەمید عەزیز**
**(زانکۆی سەلاحەددین - کۆلێژی ئاداب)**


**(٣ - ٣)**

**٩:(٢٥): ئۆگۆستین:** حەز دەکەم، ئیتر، تێ بگەی: دەبێ ئەو شتانەی ئاماژەیان پێ دەدرێ بەرزتر لە سیمبۆلەکان بنرخێنرین. ئەوەی بەهۆی خواستی یەکێکی دیکەوە بوونی هەیە، بە ناچاریی بایەخ و بەهای لەوە کەمترە کە بە خواستی خۆی بوونی هەیە(١). ئایا تۆ بۆچوونێکی دیکەت هەیە.

**ئەدیودات:** ئەوە بە ژیرانە دادەنێم کە لەو خاڵەدا بەبێ چەند و چۆن یەکسەر نەیسەلمێنم. ئێمە ئەگەر بە تایبەتی بڵێین «Caenwm» «پیسایی» دەبێ ئەو ناوە بەرررزتر بێ، لەو شتەی ئاماژەی پێ دەدات، ئێمە کە بە بیستنی ڕادەچڵەکین لە دەنگی وشەکەوە نەهاتووە. خۆ ئەگەر تاکە پیتێکی ئەو وشەیە بگۆڕین، واتاکەشی دەگۆڕێ. وشەی «Caelum» واتای «ئاسمان» دەگەیەنێ. ئای چ جیاوازییەکی گەورە لەنێوان ئەو شتانەی ناوەکە ئاماژەیان پێ دەدات، پەیدا دەبێ! ئەمە ڕوونە لەبەرچاومان، ئیتر هەر بۆیە نامەوێ بێزار بوونەکەمان بدەمە پاڵ ئەو سیمبۆلەی ئاماژە بەو شتە دەدات کە مایەی بێزارییەکەیە، بۆیە من سیمبۆلەکە لە شتەکە بە چاکتر دادەنێم. ئێمە حەز دەکەین گوێمان لە سیمبۆلەکە بێ لەوەی شتەکە بەر هەستێکمان بکەوێ.

**ئۆگۆستین:** سەرنجدانێکی ئەوپەڕی سەرنجڕاکێشە! بە هەڵە شمەکەکان لە سیمبۆلەکانیان بەرزتر بنرخێنرێن.

**ئەدیودات:** وا دەردەکەوێ.

**ئۆگۆستین:** ئێستا پێم بڵێ، بە باوەڕی تۆ، مەبەستی ئەوانەی ناویان بۆ شتێکی پۆخڵ داناوە، چییە؟ ئایا تۆ بەڕاستییان دادەنێی، یان نا؟

**ئەدیودات:** بە ئاشکرا من ئەو بوێرییەم نییە بە ڕاستیان دابنێم، یان نا، ناشزانم لە مەدا مەبەستیان چی



سانت ئۆگۆستین

بووە؟

**ئۆگۆستین:** ئایا بەلای کەمەوە دەتوانی بزانی مەبەستت چییە کاتێک تۆ ئەو وشەیە دەردەبڕی؟!

**ئەدیودات:** دەتوانم بە تەواوەتی ئەمە بکەم، حەز دەکەم بە تایبەتی سیمبۆلێک پێشکەش بکەم بۆ ئەوەی ئەو کەسەی قسەی لەگەڵدا دەکەم دەربارەی شتەکە فێری بکەم، یان بەبیری بهێنمەوە، چونکە من ئەو بۆچوونەم هەیە کە دەبێ ئەو دەربارەی ئەو شتە فێر بکرێ، یان بیری بخرێتەوە.

**ئۆگۆستین:** ئیتر چۆن؟ ئەو فێرکردنە، یان وەبیرهێنانەوەیە، یان فێربوون، یان وەبیرهاتنەوەیە کە بەهۆی ئەو ناوەوە تۆ چالاکیت، یان بۆ تۆ دەبێ بە چالاکی، ئایا نابێ ئەمە بە بایەختر دابنرێ لەچاو ناوەکە خۆی؟!

**ئەدیودات:** من دان بەوەدا دەنێم کە زانین بەهۆی ئەو سیمبۆلەوە پەیدادەبێ لە سیمبۆلەکە خۆی گرینگترە، بەڵام لەو باوەڕەدانیم کە لە شتەکە خۆی گرینگتر بێ.

(٢٦) **ئۆگۆستین:** بەپێی قسەکەمان ئەگەرچی هەڵە و چەوتە شتەکان لە سیمبۆلەکانیان باڵاتر و چاکتر دابنرێن، بەڵام هەڵە نییە ئەگەر هەموو ئەوەی بەهۆی خواستی هی ترەوە بوونی هەیە، بایەخی کەمترە لەوەی بە خواستی خۆی بۆ خۆی هەیە. زانینی شتی پیس کە لەپێناویدا ناوەکە دانراوە، دەبێ باشتر دابنرێ لە ناوەکە خۆی هەروەک دیتمان، کە دەبێ لە چاو پیسییەکە پلە باڵاتر بێ، هیچ هۆکارێکی دیکە لەبەردەستدا نییە ببێتە مایەی ئەوەی زانین لە سیمبۆلەکەی بە چاکتر دابنرێ، لەوە بەولاوە کە بە ئاشکرا دیارە سیمبۆل لەبەر خاتری زانین ڕۆنراوە و زانین لە پێناوی سیمبۆلدا ڕۆنەنراوە. نموونەیەک لەو بارەیەوە: کاتێک تێر نەخۆرێک، یان وەک ئەپۆستل (یاوەری عیسا- حەواری- وەرگێڕ) کە بە بەندەی ورگ ناوی بردووە (رومیە ١٦:١٨) لافی لێ داوە و گوتوویەتی: «ئەو بۆ ئەوە دەژی تاوەکو بخوات».

ئەگەر پیاوچاک ئەو قسەیەی گوێ لێ بێ پەسندی ناکات، بەڵکو وەڵامی دەداتەوە:

«ئای چەند چاکتر وایە تۆ بخۆی بۆ ئەوەی بژی!».

هەردووکیشیان لە قسەکانیاندا پابەندی بنەما ناسراوەکەن: «سیمبۆل بۆ زانین دانراوە، نەک زانین بۆ سیمبۆل». لەو هۆکارە بەولاوە شک نابەین کە ئەوە بە قێزەون و ناحەز دابنێین: ئەو ژیان بە کەمتر لە چێژ و تام دادەنێ. لەوەدا کە دەری بڕیوە: ئەو لەبەر خاتری خواردن دەژی، دووەمیان پەسند دەکەین، چونکە تێ دەگات کامیان لەو دوو شتە ملکەچی شتی ترن، هەروەها ئاگادارمان دەکاتەوە کە پێویستە بخۆین بۆ ئەوەی بژین، نەک بژین بۆ ئەوەی بخۆین. هەر بەو شێواز و پێودانگە دوور نییە تۆ و یەکێکی شارەزای دنیا دیتە کە چەنەبازێک پێت بڵێ: من فێر دەبم بۆ ئەوەی بتوانم قسە بکەم، پێی دەڵێی: «کوری باش بۆچی تۆ بەدڵ قسە ناکەی بۆ ئەوەی فێر ببی ئەگەر ئەمە ڕاستی و ڕاست بێت- وەک تۆ دەبینی ڕەوشەکە ئاوەهایە- بایەخی وشە کەمترە لە بایەخی ئەو شتانەی لەپێناویاندا وشەکان بەکاردێن، دەبێ بەکارهێنانی وشە لە وشە خۆی بەچاکتر دابنرێت. وشە بۆ بەکارهێنانە و بۆ فێربوون بەکاردێت، لەبەر ئەوەی فێربوون باشترە لە وشە و قسەکردن، کەوابوو زمان چاکترە لە وشە. ئیتر بایەخی فێربوون لە هی قسەکردن و وشە گەورەترە.» ئێستا حەز دەکەم لێت ببیستم دەتەوێ چ ڕەخنەیەک بگریت؟

(٢٧): **ئەدیودات:** من بە ئاشکرا پشتیوانیت لێ دەکەم کە فێرکردن لە وشەکان چاکتر و پلەبەرزترە، بەڵام ئایا ئەو ڕێنمایییەی دەڵێ: ئەوی بەهۆی خواستی ترەوە بوونی هەیە بایەخی کەمترە لەوەی بوونەکەی بەهۆی

خۆیەوەیەتی، بێ قەید و مەرج ڕاستە، ناکرێ ڕەخنە بکرێ؟! ئەمە نازانم.

**ئۆگۆستین:** ئەگەر جارێکی تر دەرفەتی لەبار و گونجاو هاتە پێشەوە دەمانەوێ ئەو کێشەیە لە ڕەگوڕیشەوە ورد تاووتو بکەین. دان پێدانانەکەت، لەو ساتەدا، بەشی ئەوە دەکات ئەو ئەنجامە پشت ڕاست بکەمەوە کە من لە ڕێگای پێگەیشتنیدام، بە تایبەتی تۆ بە بڕیار پشت ڕاستت کردەوە، زانینی شتەکان بایەخدارتر لە سیمبۆلی شمەکەکانن، هەربۆیە زانینی شتەکان کە ئاماژەیان پێ دەدرێ لە پێشترە لە بەرانبەر زانینی سیمبۆلدا، یان تۆ بۆچوونێکی دیکەت هەیە؟!

**ئەدیودات:** ئایا من ئەوەم بە بڕیاردانەوە سەلماند کە زانینی شت لە زانینی سیمبۆلەکان باشتر و لەپێشترە؟! بۆیە سەختە من لەو خاڵەدا لەگەڵ تۆ بێمەوە. ئەگەر ناوی «پیسایی» چاکتر بێ لەو شتەی ئەو ئاماژەی پێ دەدات، هەروەها زانینی ئەو ناوە لەسەرووی زانینی ئەو شتە دابنرێ ئەگەر لە هەمان کاتدا ناوەکە لە ئاستێکی تردا بێ لە چاو زانینەکە، ئیتر چی دەبێ و چی دێتەکایەوە؟! کەواتە چوار بابەت هەیە:

ناو، شمەک، زانینی ناو، زانینی شمەک.

ئەگەر یەکەم لەپێش دووەمەوە بێت، بۆ دەبێ سێیەمیش لەپێش چوارەمەوە نەبێ؟! ئایا دەکرێ ئەمە لەوەوە هاتبێ کە کەمتر گرینگە؟

(٢٨) **ئۆگۆستین:** وەک من دەبینم، بەشێوازێکی سەرنجڕاکێش تۆ پابەندی بەوەی سەلماندت و بەباشی بیروبۆچوونی خۆشت دەربڕی. وەک من بۆی دەچم تۆ لەوە تێ دەگەی کە ناوە سێ بڕگەییەکە کە دەنگی دێ کاتێک ئێمە دەڵێین «بەدکاری» باشترە لەوەی کە ئەو ئاماژەی پێ دەداو دەستنیشانی دەکات، کەچی خۆ زانینی ناو کەم بایەخترە لە زانینی بەدکاریی. ئەگەر تەماشای ئەو چوار بابەتە بکەی:

ناو، شمەک، زانینی ناو، زانینی شمەک. لە جێگای خۆیدایە کە ئێمە یەکەمیان دەخەینە پێش دووەم. پیرسیوس لە پارچە هەڵبەستێکیدا بە تایبەتی ئەو ناوەی هێناوە لەوێدا گوتوویەتی: «بەڵام ئەوە بەدکاری سەری کردووە»، ئەو شتێکی ناحەزی لە هەڵبەستەکەدا پێشکەش نەکردووە، بەڵکو جوانتری کردووە، خۆ ئەگەر ئەو مەبەستی ئەو شتەبایە کە لەوێدایە و بەو ناوەیە، ئیتر ئەو شتە لە هەر شوێنێک بایە، ناوەکە ئەوکاتە ناحەز و قێزەون دەبوو، بەڵام ئیتر چۆن سێیەم لەپێش چوارەم دادەنرێ و وادادەنرێ کە زانینی ئەو ناوە لە زانینی بەدکاری کەم بایەخترە؟!

**ئەدیودات:** ئایا تۆ لەو باوەڕەدای کە پێویستە ئەو زانینە بەچاکتر دابنرێ، تەنانەت ئەگەر ئێمە کڵۆڵ و بەدبەختیش بکات؟! ئایا پیرسیوس خۆی ئەو تاکە ئێش و ئارەزووی نەخستووەتە سەر هەموو ئازارەکانەوە وەک دڵڕەقی زاڵم و زۆردار و چاوبرسیەتی و تەماحکاریان؟

ئەو ئازارەی ئەوانەی دان بەو بەدکارییانەدا دەنێن کە کردوویانە و نەیانتوانیوە خۆیانی لێ دەرباز بکەن؟!

**ئۆگۆستین:** بەو شێواز و پێیە دەتوانی، هەروەها نکوڵی لەوە بکەی کە زانینی چاکەکاری خۆی لە زانینی ئەو ناوە- بەدکاری- چاکترە، چونکە زانینی چاکەکاری بەبێ ئەوەی توانایی ئەوەت هەبێ ئێش و ئازارە و شایەری داشۆرین حەز دەکات زۆردارانی پێ سزا بدرێ.

**ئەدیودات:** ڕەب بە دوورمان بگرێ لەو شێتییە! ئێستا من تێ دەگەم: زانین خۆی کە باشترینی هەموو زانستەکانە دەروون تێروپڕ دەکات، نابێ تۆمەت بخرێتە پارسەنگییەوە، بەڵکو دەبێ ئەوانە تۆمەتبار بکرێن کە بەدبەخت و کڵۆڵترین و دووچاری نەخۆشییەک بوون، پیرسیوس گوتی هیچ داوودەرمانێک چارەسەریان ناکات.

**ئۆگۆستین:** دروستە! بەڵام بۆچوون و قسەی پیرسیوس چیمان بۆ دەکات و دادی چیمان دەدات؟ ئێمە ناچینە ژێر باری دەسەڵاتی بڕیاری ئەو جۆرە خەڵکە، دواتر وا ئاسان نییە لێرەدا ڕوون بکرێتەوە ئایا زانینێک لە یەکێکی دیکە چاکترە. من ئەوەندەم بەسە کە پێشتر بڕیارمان لەسەر دا کە زانینی شمەک لە زانینی سیمبۆل چاکتر نییە، بگرە، بەڵکو لە سیمبۆل خۆی چاکترە. ئێمە ئیتر ئێستا دەمانەوێ ڕوونی بکەینەوە: کامانەن ئەو جۆرە شتانەی کە ئێمە لە بارەیانەوە دەبێژین کە دەتوانن بەبێ سیمبۆل ڕاستەوخۆ بەهۆی خۆیانەوە نیشان بدرێن وەک: قسەکردن، بەم لاو ئەو لادا ڕۆیشتن، دانیشتن، پاڵ کەوتن (درێژبوون) و لەم جۆرە.

**ئەدیودات:** ئەو قسانەتم لەبیرە کە کردنت.

## ڕاستی و سیمبۆل

١٠(٢٩) **ئۆگۆستین:** ئایا تۆ لەو باوەڕەدای کە گشت

ئەو کارانەی داوامان لێ دەکرێ بیکەین، بەبێ سیمبۆل دەکرێ ئاماژەیان پێ بدەین، یان هەندێکیان لەمە بەدەر بگرین؟

**ئەدیودات:** من بە تەواوەتی ئەو جۆرە شمەکانەم لە یاد و بیرە، ناکرێ پشت ڕاست بکرێتەوە کە بەبێ سیمبۆل فێرکردن هەبێ، تەنیا زمان لەوە بەدەرە، یان ئەو ڕەوشە ئەگەر یەکێک بپرسێ فێربوون چییە؟ من دەبینم، کردارەکەی من کە بۆ فێربوون دەیکەم، هەرچی بێت، ئەو لەو شتە خۆی کە دەیەوێ ئاماژەی پێ بدەم، فێر نابێ، ئەگەر من ئارام بم، یان هەر کارێکی دیکە بکەم، لێم بپرسێ «بەم لاو ئەولادا گەڕان» چییە، هەڵدەستمە سەرپێ و دەستبەجێ دەڕۆم، هەوڵیش دەدەم پێی ڕابگەیەنم و فێری بکەم بەبێ سیمبۆل ڕۆیشتن چییە. چۆن دەتوانم لەوە دڵنیابم کە ئەو باوەڕ ناکات ڕۆیشتنە سنووردارەکەم پێوەر و نموونەی ڕۆیشتن نییە. ئەگەر ئەو لەو باوەڕەدابێ، ئەوە بە هەڵە چووە، ئەوکاتە وا باوەڕ دەکات کە ئەگەر یەکێک لە منی خێراتر، یان نەرمتر بڕوات و وەک ئەوەیە نەڕوات. ئەمە هەموو ئەوە دەگرێتەوە کە دەکرێ و دەتوانم بەبێ سیمبۆل ئاماژەی پێ بدەم هەروەک پێشتر قسەم لێ کرد تەنیا دوو شت نەبێ کە لەمە بەدەرن.

(٣٠) **ئۆگۆستین:** من ئەمە پەسند دەکەم، بەڵام ئایا تۆش لەو باوەڕەدانیت کە قسەکردن و فێرکردن لە یەکتری جیان؟!

**ئەدیودات:** بگرە دەزانم، ئەگەر هەردووکیان یەکبن، هیچ کەسێک بەبێ قسەکردن فێر نەدەبوو، بەڵام ئێمە بەهۆی سیمبۆلی دیکەوە وەک وشەکان فێردەبین. چ کەس دەتوانێ لەو جیاوازییە گومان بکات؟!

**ئۆگۆستین:** ئیتر چۆن؟! ئایا لەنێوان فێرکردن و نیشاندان جیاوازی نییە، یان هەیە؟!

**ئەدیودات:** بەبۆچوونی من هەردووکیان وەک یەکن.

**ئۆگۆستین:** ئایا ئەو ڕاستی نەکردووە کە لافی لێ داوە: ئێمە سیمبۆل بەکاردێنین، ئاماژە دەدەین بۆ ئەوەی فێربین؟!

**ئەدیودات:**: بە تەواوەتی.

**ئۆگۆستین:** ئێستاکە چۆن؟! ئەگەر یەکێکی دیکە لافی لێ دا و گوتی: ئێمە فێر دەبین بۆ ئەوەی ئاماژە بە شت بدەین. ئایا ناکرێ پشت ئەستوور بەوەی پێشتر گوران بە ئاسانی قسەکەی پووچەڵ بکرێتەوە؟!

**ئەدیودات:** بەڵێ.

**ئۆگۆستین:** ئەگەر ئێمە ئاماژە بەشت بدەین بۆ ئەوەی فێر بین، نەک لەگەڵ ئەوەشدا فێر دەبین بۆ ئەوەی ئاماژە بەشت بدەین، کەوابوو فێربوون و ئاماژە بە شت دان لە یەکتری جیاوازن.

**ئەدیودات:** تۆ ڕاست دەبێژی. قسەکەی من کە هەردووکیان وەک یەکن، ڕاست نەبوو.

**ئۆگۆستین:** ئێستا وەڵامم بدەوە، ئایا ئەو کەسەی فێر دەکات فێر بوون چییە، ئەمە بەهۆی سیمبۆلەوە، یان بە شێوازێکی تر دەیکات؟!

**ئەدیودات:** من نابینم چۆن ئەو بەشێوازێکی دیکە دەتوانێ ئەمە بکات.

**ئۆگۆستین:** تۆزێک پێشتر تۆ شتێکی هەڵەت گوت: لە بارەی ئەو پرسیارەوە ئایا فێرکردن وەک خۆی چییە، مرۆڤ دەتوانرێ شت بەبێ سیمبۆل فێر ببێ، چونکە فێربوون شتێکە و ئاماژەپێدان بە شت شتێکی دیکەیە. کەوابوو ڕوون و ئاشکرایە کە دوو جۆرە کرداری لەیەکتر جیاواز هەیە، ئەمەیان تەنیا بەهۆی ئەویانەوە نیشان دەدرێ. یەکەمیان خۆ بۆ خۆی نیشان نادات، ئەمەش بیروڕای تۆ بوو، هەربۆیە هیچ شتێکی دیکە نەدۆزرایەوە کە ئاماژە بەخۆی و شتی دیکە بدات لە زمان بەولاوە، لەبەر ئەوەی زمان خۆی سیمبۆلێکە ئیتر بۆیە وا دەردەکەوێ هیچ شتێک بوونی نییە کە بتوانرێ بەبێ سیمبۆل خەڵکی پێ فێر بکرێ.

**ئەدیودات:** هیچ بەڵگەیەک شک نابەم قسەکەت پەسند نەکەم.

(٣١): **ئۆگۆستین:** دەرکەوت و ساغ بۆوە بەبێ سیمبۆل ناکری فێربوون هەبێ، هەروەها دەبێ زانین خۆی لەسەروو سیمبۆلەوە دابنرێت کە ئێمە بەهۆیەوە شت دەزانین، ئەگەرچی هەموو کەرەستە و شمەکەکان کە ئاماژەیان پێ دەدرێ، ناکرێ لە سیمبۆلەکانیان چاکتر بن.

## گومان، سیمبۆل فێربوون

**ئەدیودات:** وا دەردەکەوێ.

**ئۆگۆستین:** بۆ خاتری ئاسمان! ئایا تۆ بەبیرت دێتەوە بە چ ڕێگایەکی پێچاوپێچی سەخت ئەو ئەنجامە لاوازەمان دەستگیر بوو؟! لەسەرەتای مشتومڕ و شەڕە

قسـەکـانمانەوە کـە کـاتێکی چاک خـەریکی کـردین، هەوڵمان دا سێ بابەت پشت ڕاست بکەینەوە:

– ئایا فێربوون بەبێ سیمبۆل لە کردن دێت.

– ئایا چەند سـیـمـبـۆلێکی دیار و دەسـتنیـشـانکراو لەسەروو ئەو شمەکەوەن کە ئاماژەیان پێ دەدەن.

– ئایا زانینی شـمـەک وەک خـۆی چاکـتـرە لە سیمبۆلەکەی.

چوارەم دەمەوێ لەتۆوە ببیستم و شارەزابم ئایا تۆ، بە کورتی، ئەو ئەنجامانە وا دەبینی کە گومان هەڵناگرن؟

**ئەدیودات:** حـەز و ئارەزووی من بە ئاشکرا ئەوەیە دوای ئەو هەموو پێچوپەناکردن و هاتن و چوونە بگەینە دڵنیـایی، بەڵام ئەو پرسیـارەی تۆ نارەحـەتی کـردم و لە پەسندکردنی داواکارییەکەت تۆقاندمی، من ئەو وێنەیە لە مێشکمدایە کە ئەگەر تۆ ڕەخنە و گازندەت نەبایە، ئەو پرسـیـارەت لێ نەدەکـردم. ناوەڕۆکـە ئاڵۆز و تەمومژاوییەکە ڕێگا و دەرفەتم نادات سەرنجی تێکڕایی گشـتی بدەم و بێ باکـانە وەڵام بدەمـەوە، بە تایبـەتی، چونکە ئەو ترسـەم لێ نیـشـتـووە کـە بابەتی شـاراوە لەژێرەوە هەیە و مێشک و شارەزایی و توانایی من ئەوە نییە دەرەقەتی بێم.

**ئۆگۆستین:** سڵ و پارێز و دوودڵییـەکـەت هەست پێ دەکـەم حـەزناکـەم بەرپەرچی بدەمـەوە، چونکە دەبێـتـە مـایەی ئامـاژەدان و ناسـینی دەروونێک کـە ورد و ڕێکوپێکە و پاراسـتنی ئارامـیش ئەوپەڕی گـرینگە. زەحـمـەتە پەشـێـوی دامـان نەگـرێت کـاتێک بیـروبۆچوونەکـانمان کـە ئێـمـە پابەندین پێـیـانەوە و بەهاوپەیڤین پێیان گەیشتووین بە بەڵگەی پێچەوانەوە لێـمـان زەوت بکرێن. ئەگـەر دروست بێت لەبەردەم بەڵگەی ڕاستودروستدا خۆ بەدەستەوە بدەین، ئەوپەڕی هەڵەیە کـە نەزانراو و نادیار بە زانراو و دیار دابنرێت. ئەوەی جێگای نیگەرانییە کە ئەوەی بنەمایەکی پتەو و قایمی هەیە و بەردەوام دەبێت زیندە بەچاڵ بکرێت و ڕق و کـینەیەکی زۆر و زەبەندەی تواناکـار لە ژێر ببـێـتـەوە، ئەوکـاتە وا دێتە بەرچاو جارێکی دیکە مـرۆڤ بڕوای بە ڕاستیی (حەقیقەتی) ڕوون و ئاشکرا نەبێت.

(٣٢) کـەواتا دەی، دەمـانەوێ ئێـسـتـا ئازادانەتر سەرلەنوێ ئەو پرسیارە بکەین: ئایا تۆ لەسەر هەق بووی کـاتێک گومـانت لەو ئەنجامە کرد: ئەگەر یەکـێک هیچ شارەزایی لە ڕاوکردنی باڵندە نەبێ بە دار عەسا و دان و تەپکە، لە ڕێگا تووشی ڕاوکـەرێکی باڵندە ببێ کـە هەموو شـمـەکێکی ڕاوکردنەکەی پێیە، بەڵام دەستی بە ڕاوکردنەکە نەکردووە، بەڵکو بە ڕێگاکەدا دەڕوات، ئیتر ئەو هەر تەماشای ڕاوچییەکەی کردووە، بەسەرسامییەوە لەخـۆی پرسـیـوە دەبێ ئەو شـمـەکـەی بۆچی بێ، بەڵام کـاتێک ڕاوچیـیـەکـە هەسـتی پێ کـردووە یەکـێک بە دواوەیەتی و تەماشای دەکات دەستبەجێ دار عەساکە و دانەکـەی دەرهێناوە و لە نزیکەوە هەسـتی بە بوونی مـەلێک (باڵندەیەک) کـردووە، تەنگەتاوی کـردووە و بە دارعـەسا و دانەکەی گرتوویەتی. ئایا ئەو ڕاوچییە لێرەدا بەبێ سـیـمـبـۆل بە شـتـەکـە خـۆی ئەو مـرۆڤەی ئاگـادار نەکردووەتەوە و فێری نەکردووە و پێی ڕانەگەیاندووە؟!

**ئەدیودات:** من ترسی ئەوەم هەیە لێرەدا بابەتێک هەیە لەوە دەچێ کـە من لە بارەیەوە گـوتم، بەوی پرسی: «بەم لاو ئەولادا ڕۆیشتن چییە»؟ من بە تەواوەتی لەلام ڕوون نییە ئایا هونەری ڕاوکردن بە تەواوەتی نیشان درابێ.

**ئۆگۆستین:** ئاسـانە نیگەرانی و ترسـەکـە بڕەوێتـەوە کـاتێک من ئەمە دەخەمە سەر و دەڵێم: ئەگەر ئەو کەسە ژیر بـایە لەوەوە کـە بە چاوی خـۆی دیتـوویەتی، تێکڕای فێردەبوو و دەیزانی. بۆ ئەو مەبەستەی ئێـسـتـامـان بەسە کە دەربارەی هەندێک شـمـەک- نـەک گـشـتی- بـتـوانین بەلای کەمەوە کەسانێک بەبێ سیمبۆل فێر بکەین.

**ئەدیودات:** منیش لـەلای خۆمـەوە دەربارەی ئەو ڕەوشە دەتوانم ئەمە بخەمە سەر: ئەگەر ئەو ژیرییەکی گونجاوی هەبایە، دەبوو ئەو بە چەند هەنگاوێکی کـەمی ڕۆیشتن بیزانیبایە بەم لاو ئەولادا ڕۆیشتن بەگشتی چییە.

**ئۆگۆستین:** قـەی ناکـات، دەتوانی پتـر بەردەوام بی و هیچ گازندەیەکم نییە و من بگرە بە گەرمی پیرۆزبایی لێ دەکەم، تۆ توانیت بزانی کە هەردووکمان هەمان مەبەستی لەدڵدا بووە، کـە کـەسـانێک بەبێ سـیـمـبـۆل دەتوانن دەربارەی هەندێک شت فێـر بکرێن، ئەو گریمانەیە: بەبێ سیـمـبـۆل لە کـردن نایەت کـە پیـشـتـر وەک ڕاست بۆمـان دەردەکەوت، چەوت و هەڵەیە. دوای ئەو هەموو تێبینیانە هەستی دەروونی مرۆڤ دەتوانێ نەک تەنیا هەر ئەم، یان ئەو، بەڵکو هەزار شت بەبێ لە ئارادا بوونی سـیـمـبـۆل بزانێ و فـێـر ببێ. تکات لێ دەکـەم، ئیـتر بۆ دەبوو ئێـمـە گومانمان لەمە هەبێ؟!

بۆ ئەوەی لەو دیمەنە لە ژماردن نەهاتووانەی لەسەر گشت شانۆ لە ئارادابووەکاندا لەلایەن ئەکتەرەکانەوە بەبێ سیمبۆل و بەهۆی بابەتەکانەوە پێشکێش دەکرێن، دوور بکەوینەوە، ڕەب و سروشت ئەمانەی خوارەوە هەر بەهۆی خۆیانەوە بە ڕوون و ئاشکرا دەخەنە بەرچاو: خۆر (ڕۆژ) و تیشک کە هەموو شتێکی گرتووەتەوە و داپۆشیوە، مانگ و ئەستێرەکان، وڵاتان و دەریا و ئەوەی بە شێوازی لە ژماردن نەهاتوو لەوێدا پەیدا دەبن؟!

(٣٣): ئیتر لەمەش پتر، ئەگەر بەوپەڕی ڕێکوپێکی وردبینەوە، بیربکەینەوە، دوور نییە تۆ نەتوانێ هیچ بدۆزیتەوە کە بەهۆی سیمبۆلەکەیەوە لێوەی فێرببی. خۆ ئەگەر من سیمبۆلێکم بدرێتێ و بەسەر مندا وەک تاکێک بگوتجێ و نەزانم ئاماژە بە چ شتێک دەدات، هیچی لێوە فێرنابم. خۆ ئەگەر پێشتر شتەکەم زانیبێ، ئیتر سوودی چی دەمێنێ؟ کاتێک من ئەمە دەخوێنمەوە:

ئیتر «سارا بارەکانتان نەگۆڕان و لەناو نەبران»، وشەی «سارا بارەکان» ئەو شتەم نیشان نادات کە ئاماژەی پێ دەدات. خۆ ئەگەر بەو ناوە بە تایبەتی چەند سەرپۆشێکی دیاریکراو نیشان بدرێ، ئایا ئەوکاتە من بەلای کەمەوە، ئەگەر گوێم لەو ناوە بێت، فێر دەبم سەر چییە، یان سەرپۆش و چارۆگە چییە؟ پێشتر من ئەمانەم زانیوە، ئەو شمەکانەم بە بینین نەک بە بیستنی ناوەکانیان، زانیوە. کاتێک بۆ یەکەم جار ئەو وشە دوو بڕگەیە Caput (سەر) بەرگوێم کەوت نەمدەزانی ئاماژە بە چی دەدات هەروەک چۆن ئەگەر بۆ یەکەم جار وشەی «سارابال»م بیستبایە، یان خوێندووبایەوە، نەمدەزانی چی دەستنیشان دەکات، بەڵام ئێمە هەمیشە گوتوومانە «ڕأس» و زانیومانە کەی ئەمە دەڵێین و بۆمان ڕوون بۆتەوە ئەوە ناوی شتێکە پێشتر بەچاو دیتوومە. پێش ئەو ڕوون بوونەوەیە ئەو وشەیە بۆ من تەنیا هەر دەنگێک بوو، ئینجا ڕووەکەیم وەک سیمبۆلێک زانی دوای ئەوەی ئەو شتەم ناسی کە ئاماژەی پێ دەدات، ئیتر ئەو شتەم زانی- ناسی کە سیمبۆلەکەیم زانی. هەروەک گوتم، بە ئاشکرا من نەک بەهۆی سیمبۆلەکەی، بەڵکو بەهۆی دیتنەوە ناسی و زانی. بەو پێودانگ و بەم پێیە سیمبۆل لە ڕێگای شتە ناسراوەکەوە دەناسرێ و شت لە ڕێگای سیمبۆلەکەیەوە ناناسرێ.

(٣٤) بۆ ئەوەی تۆ ڕوونتر تێ بگەی، وای دابنێ ئێمە بۆ یەکەم جار وشەی «سەر» دەبیستین، چونکە ئێمە نازانین ئایا ئەو وشەیە تەنیا هەر دەنگە، یان شتێک دەردەبڕێ و ئاماژەی پێ دەدات، بۆیە هەوڵ دەدەین بپرسین «سەر» چییە. بیر بکەرەوە: ئێمە دەخوازین بزانین سیمبۆلەکە خۆی چییە نەک شتەکە خۆی. ئەو زانیارییەمان نییە لەبەر ئەوەی نازانین ئەو شتە چییە کە دەری دەبڕێ. لە کاتی ئەو پرسینەدا مرۆڤێک بە پەنجە (قامک) ئاماژە بە بابەتی پرسینەکە دەدات. بە بینینەکەی واتای ئەو سیمبۆلە تێ دەگەین کە تاوەکو ئێستا بیستوومانە و لێی تێ نەدەگەیشتین. لە سیمبۆلەکەدا دوو ڕەهەند هەیە: دەنگ و توانایی دەستنیشان کردن. دەنگ بەهۆی سیمبۆلەکەوە هەستی پێ ناکرێ، بەڵکو بەوەی بەر هەوا بکەوێ، توانایی دەستنیشان کردنەکەش بە دیتنی شتەکە کە بە پەنجە ئاماژەی پێ دەدرێ دەزانرێ. پەنجەکە ڕووبەڕووی سیمبۆلەکە ناکرێتەوە، بەڵکو ئاماژە بەو بەشەی لەش دەدات کە ناوی «سەر»ی لێ نراوە. بەو پێیە و هەربۆیە بەو ئاماژەیەی پەنجەیە ئەو شتە نازانم کە من پێشتر زانیومە و ئەو سیمبۆلەش نازانم کە قامکەکە ئاماژەی پێ نادات.

لەگەڵ ئەوەشدا درێژکردنی پەنجە کە نیشانەی ئاماژە پێدانە پتر لەوەی ئەو شتانە دەربڕێ کە ئاماژەیان پێ درا، بەلای منەوە گرینگ نییە و شتێکی ئەوتۆی لێ ناکەوێتەوە، ئەمەش وەک لە ڕەوشی ئاوەڵناودا «ئەمە ببینە» وایە. لە هەمان کاتدا ئێمە لەگەڵ ئەو ئاوەڵناوەدا پەنجە درێژ دەکەین و ئاماژەی پێ دەدەین نەبادا سیمبۆلێک بە تەنیا بەس نەبێ بۆ ئاماژە پێدان. هەوڵ دەدەم پێت بسەلمێنم ئەگەر ئەوەم لەدەست بێت، ئێمە بەهۆی سیمبۆلەکانەوە کە «بە وشە» ناودەبرێن هیچ فێر نابین. هەروەک گوترا، ئێمە ناوەرۆکی وشە، واتە هێز و توانایی و دەستنیشان کردنەکەی کە لە دەنگەکەدا شاردراوەتەوە، پێش ناسینی شتەکە کە نیشان دەدرێ، دەزانین. ئەوە خۆی، ئێمە بەهۆی توانایی دەستنیشان کردنەکەوە شتەکە تێ دەگەین و دەیزانین.

(٣٥): ئەوەی دەربارەی سەر گوتم، دەتوانم لە بارەی سەرپۆش و چەند شتێکی دیکەی لە ژماردن نەهاتوو بیلێم کە من زانیومن بەبێ ئەوەی هیچ شتێکم لە بارەی

ئەو سەرپۆشە (سارابار) زانیبێ، ئیتر جا هەر کەسێک بە بزووتنەوە، یان بە وێنەکێشان بۆم شرۆڤە بکات. من حەز ناکەم بڵێم ئەو هیچی فێر نەکردووم- ئەگەرچی بە سووک و ئاسانی دەتوانم ئەمە ساغ بکەمەوە ئەگەر بمەوێ پتر بدوێم لەو بارەیەوە، بەڵام من دەڵێم لە ڕێگای وشەوە هیچی فێر نەکردووم، ئەمەش هەر ئەو قسەیەی پێشوو خۆیەتی. ئەگەر ئەو ساراباراکەی دیت و منیش لەوێ بم و سەرنجی بۆ لای ڕاکێشام و گوتی: «ئەوە ساراباراکەیە» ئەوکاتە شتێک دەزانم کە پێشتر نەمدەزانی، بەڵام نەک بە ڕێگای وشە کە دەربڕا، بەڵکو بە تەماشاکردنی ئەو شتە خۆی کە بووە مایەی ئەوەی ناوەکە بەناوەرۆک، واتاکەیەوە بزانم. دیتن بە چاوی خۆم نەک وشە بیانییەکان هۆکاری دڵنیاییم بوون لەوەی کەشتەکە دەزانم. دوور نییە من بڕوام بە وشەکان هەبووبێ بۆ ئەوەی هەست بە بابەتەکە بکەم و ئاگادارمەوە، واتە بەسەرنجدان هەوڵی دیتنی ئەوە بدەم کە دەمەوێ.

١١:(٣٦): ئەمەیە توانایی وشەکان- بۆ ئەوەی بەهێزی توانستەکەیان بزانرێ: ئەوانە داوامان لێ دەکەن بەدوای شمەکەکاندا بچین، بەڵام نابنە مایەی ئەوەی بیانزانین. ئەو کەسە شتێکم فێردەکات ئەگەر هاتو ئەوی من دەیخوازم بیزانم، بیخاتە بەرچاوم، یان هەستێکی لاشەم، یان دەروونم. بەهۆی وشەوە تەنیا هەر وشە فێر دەبین. باشتر: دەنگ و ورشەی وشەکان، ئەمانەش هیچیان سیمبۆل نین، هیچیان ناکرێ وشە بن، من دەزانم، ئەگەرچی من دڵنیانیم لەوەی ئاخۆ وشەکە وشەیە، تەنانەت دوای ببستنیشیم و پێش زانینی ئەوەی چی دیاری دەکات، بەهۆی زانینی گوێ بیست بوونی وشەکانەوە هیچ جارێک وشە نازانرێ و ناناسرێ؛ ئیتر ئێمە ئەو وشانە فێر نابین کە دەیانزانین و ناتوانین و دانیشی پێدابنێین کە ئەوان فێربووبین کە نایانناسین، ئێمە تواناییەکەی دەستنیشان کردنیمان نەک بەهۆی پەیدابوونی دەنگەکەیەوە کە دەبیستین، بەڵکو بە ناسین و زانینی شمەکە دەستنیشان کراوەکەیەوە لێی تێگەیشتووین. بەبێ قەیدومەرج ڕاستە و هەقیقەتە و ئاشکرایە و بەڵگە کە گومان هەڵنگرە ئەو دەستەواژە دا ڕێژراوە:

ئەگەر وشەکان هاتنە پێشەوە، ئێمە ئەوکاتە دەزانین سیمبۆلەکان چین، یان نازانین. ئەگەر شتەکەمان زانیبێ، ئەوە زانینەکە وەبیرهاتنەوە دەبێ نەک زانیاری بەدەست هاتوو، خۆ ئەگەر نەشزانین، ئەوە هیچ کاتێک بەبیرمان نایەتەوە و دوور نییە داوامان لێ بکرێت ڕوو بکەینە شتەکە بۆ لێکۆڵینەوەی.

## شرۆڤە و تاووتو

(٣٧): دەتتوانی نارازی بی و بڵێی: ئەو سەرپۆشانە کە ناوەکەیان لەلای ئێمە لە دەنگ بەولاوە نییە دەتوانین تەنیا هەر بەهۆی تەماشاکردنیانەوە بیانزانین و بیانناسین، ئێمە کاتێک ناوەکە دەزانین ئەگەر شتەکەمان زانیبێ. هەروەک ئێمە لە بارەی لاوەکانەوە بیستوومانە چۆن توانیویانە بەهۆی باوەڕ و ئایینەکەیانەوە بەسەر پاشا و کڵپەی ئاگرەدا سەرکەون(٢) و زاڵ بن، دەبێ چ سپاسێکی ڕەبیان کردبێ و دەبێ شایستەی چ ستایشێک بووبن، تەنانەت لەلایەن نەیارەکانیشیانەوە، ئایا ئێمە بەهۆی وشە بەولاوە لە شتێکی ترەوە ئەمەمان زانیوە و فێر بووین؟ لە وەڵامدا دەڵێم: گشت ئەوەی بەهۆی ئەو وشانەوە ئاماژەیان پێ دراوە و دەستنیشان کراون، پێشییانە ئێمە ئەمەمان زانیوە، ئیتر «سێ لاوەکە»، «ئاگردانەکە»، «ئاگرەکە»، «پاشا» لە کۆتاییدا «ئاگرەکە نەیسووتاندن» چی بوون لەگەڵ هەموو ئەوانی تردا کە وشەکان ئاماژەیان پێ داون و دەریان بڕیون، من پێشتر زانیومن، بەڵام ئەنانیاس، ئەزاریاس و میساهیل هەرسێکیان وەک سارابا لەلای من نەزانراو ونەناسراو بوون، بۆ زانین و ناسینیان ناوەکانیان هیچ یارمەتیان نەدام لەدوارۆژیشدا هەروا هیچ یارمەتیم نادەن، بەڵام دەبێ من دانی پێدا بنێم ئەو ڕووداوە کە وەک چۆن نووسراوە و گێڕدراوەتەوە، کە ئەوکاتە ڕووی داوە، من لە باوەڕ و ئیمانەوە، نەک لە زانینەوە بڕوام پێیەتی. ئەوانەی باوەڕیان بەو چیرۆکە هەیە دەزانن جیاوازی نێوان باوەڕ (ئیمان) و زانین چییە. ئەو جیاوازییە کە ئێمە باوەڕمان پێیەتی لەلایەن نووسەرەکەوە ئاشکرا بووە و زانیویەتی: پەیامبەر گوتوویەتی:

«ئەگەر ئێوە باوەڕنەهێنن، تێ ناگەن و نازانن» «ئەشعیا ٧:٩» ئەگەر ئەو باوەڕی بەو جیاوازییە نەبوایە، ئەو قسەیەی نەدەکرد. بەو پێیە، ئەوی من دەیزانم و باوەڕم پێیەتی، بەڵام من گشت ئەوانە نازانم کە

باوەڕم پێیانە. من هەموو ئەوە دەزانم کە ئەوانە نازانم کە باوەڕم پێیانە. من هەموو ئەوە دەزانم کە ژیر دەیبرێ، بەڵام هەموو ئەوانە نازانم کە باوەڕم پێیانە. کەوابوو چاک دەزانم سوودی باوەڕ بوون بەهەموو ئەوانەی بڕوام پێیانە و نایانزانم چییە! ئەو سوودە لەو ڕووداو و بەسەرهات و چیرۆکی ئەو سێ کوڕە لاوەدایە، ئەگەرچی من گشت شتێک نازانم، بەڵام بە ڕاستودروستی سوودی باوەڕ هێنان دەزانم چییە!

## دەستەواژە - بڕیار

(٣٨): دەربارەی هەموو ئەوانەی دەیانزانین، ئێمە ناچینەوە سەر قسەکەرێک کە لە دەرەوەدا دەنگەکەی دەنگ دەداتەوە، بەڵکو پەنا دەبەینە بەر ڕاستییەک لە ناوەوەدا لە ناخی دەروونevery باڵادەست و جێگیرە، دوور نییە بەهۆی وشەکانەوە داوای لێ کرابێ بپرسێ! ئەو کەسەی لێی دەپرسێ ئەوە فێر دەکات، ئەو کەسەی مەبەستە لە ناخی مرۆڤدایە: مەسیح (کریستۆس)، ئەو هێزێکی نەگۆڕاوی ڕەب و حەقیقەتی هەتا هەتاییە. هەموو دەروونێکی ژیر دەچێتەوە بۆ لای و لێی دەپرسێ، بەڵام ئەو بەو سادەییە خۆی بۆ ئەو کەسە دەکاتەوە و نیشان دەدات! چەندە خواستی بەدکاری و چاکەکاری هەیە و لە باردایە. خۆ ئەگەر جارێک دەروون بێ ئومێد بوو بە تەفرە و هەڵەچوو، ئەمە بەهۆی هەڵەی ئەو ڕاستییە نەبووە کە ویستراوە بزانرێ، هەروەها بەبێ هیچ جۆرێک هەڵەی ڕووناکی ڕۆشنبەخشی دەرەکی نەبووە کە زۆرجار چاوی لەش بە هەڵە دەچێ و بێ ئومێد دەبێ، ئەو ڕووناکییە ڕۆشنە دەرەکییە دەبێتە مایەی ئەوەی شمەکە دیتراوەکان ببینرێن، ئەگەر مرۆڤ بتوانێ لە یەکترییان جیابکاتەوە.

(١٢): (٣٩) بەڵام، خۆ ئەگەر ئێمە ئێستا ڕەنگەکان و ئەوانی تر کە وەک لەش تێبینیان دەکەین و دەیانزانین، هەروەها کەرەستە بنەڕەتییەکانی ئەم جیهانە لەگەڵیاندا لەشەکان، هەستەکان کە دەروون- ژیر بۆ پەیبردن بەو جۆرانە و وەک دیلمانجی (وەرگێڕ) بەکاریان دەهێنێ بەهۆی ڕووناکی ڕۆشەن بۆ پەیبردنی ژیرییانە بەو شتانە پەنای بۆ ببرێ و ئەگەر ژیر- دەروون بچێتەوە سەر ڕاستیی ناخ، دەبێ چ شتێک پەنای بۆ ببرێ بۆ ڕوون کردنەوەی ئەوەی کە بەهۆی وشەکان چەند شتێک دەزانین و فێردەبین کە ئەو دەنگە نین بەر گوێمان دەکەون و دەیانبیستین گشت ئەوانەی دەیانزانین و پەیان پێ دەبەین، یان ئەوەتا بە ڕێگای تێبینی لەشیەوە، یان بەهۆی ژیرەوە دەیانزانین(٣) ئەویان بە بابەتی بەرهەستی و ئەمیان بە بابەتی زانینی، زیرەکی ناودەبرێن، یان بۆ ئەوەی بەجۆری زمانی نووسەر پاڵپشتەکانمان بدوێن، دەڵێین: ئەویان لەشین و ئەمیان گیانییە. ئەگەر دەربارەی یەکەمیان لێمان بپرسێ وەڵامەکەمان، بابەتەکە ئەگەر ئەوە بێ ئێستا تێبینی دەکەی و پەی پێ دەبەین وەک ئەوەی دەربارەی مانگی هەڵاتوو کە تەماشای دەکەین لێمان بپرسێ چ خەسڵەتێکی هەیە، یان ئەوە چییە؟ جێگای بڕوا پێ کردنی دەبێ. ئەگەر خۆی بابەتەکە بە چاو نەبینی، بەڵام ئەو بەتیکڕایی بڕوای پێ ناکات و هیچ لەشتە بە دەنگ دەربڕاوەکان فێر نابێ، بەڵکو لەو شتانەوە خۆیان کە بە هەستەکانی پەی پێ بردوون، فێر دەبێ. وشەکانیش بۆ ئەوەی بیانبینێ و نەیانبینێ هەر ئەو دەنگەی خۆیان هەیە، بەڵام ئەگەر لە بارەی ئەو شتەوە نا کە ئێمە ڕاستەوخۆ درکیان پێ دەکەین، بەڵکو دەربارەی ئەوەی ئێمە یەک جار پەیمان پێ بردوون بپرسێ، هیچی تر قسە لە شمەکەکان وەک خۆیان ناکەین، بەڵکو لە ئەو کۆپی وێنانەی یادمان تۆماری کردوون و دەیانپارێزێ دەدوێن، ئیتر چۆن دەکرێ ئەوی دەیبینم بە پێچەوانەی هەڵکەوت بە هەڵەی دابنێم ئەگەر ساغی نەکەمەوە کە من نەک ئێستا دەیبینم و پەی پێ دەبەم، بەڵکو پێشتر دیتوومن و زانیومن، دەرکم پێ کردوون. ئێمە ئەو وێنە لەبەر گیراوانە (کۆپی) وەک یادەوەر لە یادماندا تۆمار و دەپارێزین کە وەک شایەدی ئەو شتانەن کە هەستمان پێ کردوون و کاتێک ئێمە ژیرانە بە باوەڕ و دڵنیاییەوە سەرنجی ئەو شایەددانە دەدەین، درۆ ناکەین کە قسەیان لێوە بکەین، کەچی ئەو شایەددانە تەنیا هەر بۆ ئێمە ڕوون و ئاشکران. ئەوی ببیستێ، ئەوکاتە دەیزانێ کاتێک ئەو شتە بکەوێتە بەرهەستی و یەکسەر پەی پێ بەرێ، بەڵام نەک بەهۆی وشەکانمەوە، بەڵکو بە سایەی ئەو کۆپییانەی لەلای خۆی هەیە، ئەگەر هەستی پێ نەکات و درکی پێ نەکات بڕوای بە وشەکان دەبێ و پتر لەوەی لەشتەکانەوە فێر بووە.

(٤٠): خۆ ئەگەر قسە لەوە بکرێ کە ئێمە بە مێشک- ژیر پەی پێ دەبەین، واتا بەسەرنجدانی ژیرانە

به ڕوونی خۆشییەوە باسی ئەوە دەکەین کە لەناو تیشکی ڕۆشنی ڕاستیدا ڕاستەوخۆ تەماشای دەکەین کە پێی دەگوترێ: مرۆی ناخ، ئەو دڵخۆش دەبێ، ئینجا ئەوەی گوێمان لێ دەگرێ، ئەگەر بێتو بە چاوی دووروودرێژ و ساکارەوە شتەکان خۆیان ببینێ ئەوە بە ڕامان و سەرنجدانەکەی نەک بە وشەکانم تێ دەگات چی دەڵێم. بۆیە من کە ڕاستیشی پێ بڵێم، ئەگەر ئەو سەرنجی ڕاستی بدات، هیچ لە منەوە فێر نابێ. ئەو نەک بەهۆی وشەکانمەوە، بەڵکو بەهۆی شتەکان وەک خۆیان کە لەلای ئاشکران و ڕەب بۆی دەرخستووە فێر دەبێ و دەتوانێ ئەگەر لێی بپرسرێ، وەڵام بداتەوە، ئای چ سەیرێکە ژێر پەسندی ناکات: وا دەزانێ بەهۆی زمانەکەمەوە فێر بووە و ئەگەر لێی بپرسرێ پێش ئەوەی من بدوێم پێم ڕادەگەیەنێ دەمەوێ چ بڵێم!.

**پرس**

زۆرجار ڕوودەدات کە مرۆڤ ئەوەی لێی دەپرسرێ نادەکات و ئەگەر پتر پرسیاری لێ بکرێت بابەتەکە پەسەند و ئەرێ دەکات! ئەمە دێتە پێشەوە بەهۆی لاوازیی سەرنجدانی ناخ (ناوەکی) کە ناتوانێ لە تێکڕای بابەتەکەدا سوود لە ڕووناکی ڕۆشنایییەکەی ببینێ. ئیتر ئەو داوای لێ دەکرێ ئەمە بەهۆی بەشەکانەوە ڕابگەیەنی لەوەدا کە دەربارەی بەشەکان کە تێکڕای بابەتەکە پێک دەهێنن لێی دەپرسرێ، کە ئەو وەک کۆ و تێکڕایی ناتوانێ ببینێ. خۆ ئەگەر ئەو گەیشتە ئەو ڕادەیە و سەرکەوتوو بوو بە سایەی وشەکانی پرسیار کارەکەوە، ئەوە ئەو هیچ لەو وشانەوە فێر نەبووە، چونکە پرسیارکارەکە بەپێی توانایی ناخی ناوەکی فێربوونی لێی پرسیوە.

خۆ ئەگەر من ئێستاکە بە تەواوەتی دەربارەی ئەوەی قسەمان لێ کرد، لێت بپرسم ئایا دەکرێ بەپێی وشە مرۆڤ هیچ فێربکرێ و ئەمە لە سەرەتاوە بە پێچەوانەی ژێرەوە بۆت دەردەکەوێ، چونکە تۆ ئەو توانایییەت نییە تێکڕای بابەتەکە ببینی، بۆیە باشتر دەبوو من بەپێی توانایی ئێستات و ئامادەییت بۆ ئەوەی لە ناخەوە گوێت لەو فێرکارە (مامۆستایە) بێ پرسیارەکە بەو جۆرە دابڕێژم:

«تۆ ئەو ڕاستییەت (حەقیقەتە) لە کوێوە زانی و فێری بووی و دانت پێدا نا کاتێک من قسەم دەکرد و لە بارەیەوە دڵنیابووی و پشت ڕاستت کردەوە کە دەیزانی؟» دوور نییە تۆ لە وەڵامدا بڵێی: من تۆم فێر کردووە. ئیتر من دەپرسم: کەوابوو چۆن؟ ئەگەر من لافی ئەوەم لێ بدایە کە مرۆڤێکی فڕیوم دیوە، ئایا ئەو وشانەی من ئەو دڵنیایییەی پێ دەبەخشی کە هەتە ئەگەر گوێت لێم بێ بڵێم «داناکان گەمژەکان چاکترن» بە دڵنیایییەوە ئەمە نا دەکەی و دەڵێی: باوەڕ بە یەکەمیان ناکەم! خۆ ئەگەر باوەڕم پێ کرد، ئەوە بە نەزانی لە بارەیەوە دەمێنمەوە. لەگەڵ ئەوەشدا بە دڵنیایییەوە باوەڕ بە دووەمیان دەکەم بەپێی ئەو بنەمایە تۆ تێ دەگەی کە نە لە یەکەم شت فێر بووی، چونکە نایزانی و لێی بێ خەبەری، نە لە دووەم فێربووی، چونکە پێشتر زانیوتە. ئەگەر دەربارەی وردەکاری شتەکان لێت بپرسرێ، ئەوە تۆ سوێند دەخۆی ئەویان لەلات زانراو نییە و ئەمیان دەزانی.

ئێستاکە تۆ ئەو تێکڕایەی پێشتر ڕەتت کردەوە پەسندی دەکەی، کاتێک دەزانی و بۆت دەردەکەوێ ئەوەی لێی پێکهاتووە ڕوونە و جێگای دڵنیایی لێ کردنە، ئیتر لە هەموو ئەوەی قسەمان لێ کردووە گوێگر، یان لێ نازانێ ئایا ڕاستە، یان بە تەواوەتی دەزانێ کە ئەو چەوت و هەڵەیە، یان دەزانێ کە ڕاستە (حەقیقەتە). لە یەکەم ڕێ تێچوونی ئەم سێیانەدا: بڕوا دەکات، وای بۆ دەچێ، یان گومان دەکات لە دووەمیاندا بە پێچەوانەیەوە دەوەستێ و نای دەکات. لە سێیەمدا دەیسەلمێنێ. لە هیچ کامێک لەمانە فێر نابێ، ئیتر ئەو کەسە بێ کە دوای قسەکردنەکەمان شتەکە نازانێ، هەروەها ئەوەی دەزانێ ئەوی بیستوویەتی درۆیە ئەنجا لە کۆتاییدا ئەوەش کە دوای ئەوەی لێی دەپرسرێ ئەوی پێشتر پێی گوترا چی بوو، ناتوانێ وەڵام بداتەوە. ئەوان هەموویان بۆیان ساغ بۆتەوە لە وشەکان هیچ فێر نەبوون.

**ساغ کردنەوە**

١٣:(٤١) هەر بۆیە کێ دەتوانێ ئەو ڕاستییانە بەدی بکات کە دەروون- مێشک پەی پێ دەبات، بێ هوودەیە گوێ لە قسەی ئەو کەسە بگیرێ کە خۆی دەیبینێ و لەوە بەولاوە کە پەسندی بکات، ئەگەرچی هیچیشی لێ نازانێ، سوودێکی تری لێ ناکات، بەڵام ئەوەی دەکارێ بیبینێ لە ناخی خۆیدا شاگردی ڕاستییە و لە دەرەوەشدا

دادوەرە بەســەر قــســەکــەر، یان چاکــتــر: بەســەر قسەکانییەوە.

زۆرجار ئەو دەزانێ قسە لە چی کراوە، بەڵام قسەکەر خۆی هیچ شتێک نازانێ، نموونەیەک: یەکێک کە باوەڕی بە ئیپکۆر هەبووە و بڕوای بە مردنی دەروون-گیان هەبووە، بەڵگەی پتەو و بەهێزی دەربارەی نەمریی دەروون داڕێژراو بۆ گوێگرێک کە توانایی وردبوونەوەی گیانی- ژیرەکی هەبووە پێشکەش کردووە، ئەو کەسە ناتوانێ بڕیار بدات کە ئەو ڕاستی دەڵێ، بەڵام قسەکەرەکە بە هیچ جۆرێک نازانێ ئایا خۆی ڕاستی گوتووە، دوور نییە ئەوەی پێشکەش کراوە بە هەڵە و چەوتی دابنێ، ئایا دەبێ مرۆڤ وای دابنێ کە ئەو ئەوەی نەیزانیبوە، خەڵکی پێ فێر کردووە؟ کەچی ئەو خۆی هەر ئەو وشانەی بەکارهێناوە کە ئەوی شتەکە دەزانێ، دەتوانێ بەکاری بهێنێ.

(٤٢) هەر بۆیە وشەکان هیچ جارێک ئەوە نامێنن کە بەلای کەممەوە بیرۆکەکانی قسەکەر دەردەبڕن، چونکە ئەو دڵنیا نییە ئایا دەزانێ چ دەبێژێ، درۆزن و تەفرەدەرانی بخەرە سەر کە بە قسەی سووک و سادە و ئاسان وادەکەن باوەڕ بکەی بیرۆکەکان، نەک هەر بە وشەکان ئاشکرا دەکەن، بەڵکو دەیانشارنەوە و پەردەپۆشیان دەکەن. من بە تایبەتی هیچ گومانم لەوە نییە وشەکانی ئەوانەی وا هەست دەکەن، دەبێ پابەندی گوتنی ڕاستی بن هەوڵ دەدەن و بە چەند شێوازێک دەیانەوێ بزانرێ بیرۆکەکانی قسەکە ڕوون و ئاشکرا بن و دوای پێ لێ نانی گشتی، ڕێگا نەدرێ درۆزن قسە بکات، لەگەڵ ئەوەدا لەلای ئێمە و کەسانی دیکە پشت ڕاست بۆتەوە: توانیومانە بە وردی سەرنج بدەین، وشەکان لەگەڵ ئەو شتانە نایەنەوە کە بیریان لێ دەکرێتەوە. بەپێی بۆچوونی من دەکرێ ئەمە بە دوو شێواز بقەومێ:

- یان ئەوەتا زنجیرەی بەدوا یەکتری هاتنی قسە کە لەدەمی یەکێکەوە دێتە دەرێ شتێک دەڵێ لە یادەوەرییەکانەوە خواستوویەتییەوە، کەچی هەر ئەو خۆی بیر لە شتێکی دیکە دەکاتەوە، ئەمە تووشمان دەبێ کاتێک سروود دەچڕین.

- یان ئەوەتا بەبێ خواست، ئێمە بەڵێن دەدەین و لە جێگای ئەو وشە و قسەیەی مەبەستە، هی تر لە دەممانەوە دێتە دەرێ، ئیتر هەر لێرەدا سیمبۆلی ئەو شتانەی لەبیر و مێشکماندا نابیستین. درۆزنانیش بیر لەو شتانە دەکەنەوە کە قسەیان لێ دەکەن، خۆ ئەگەر نەشزانین ئایا ئەوەی دەیڵێن ڕاستە، ئەوە دەزانین ئەوەی دەیڵێن بیرۆکەی ناو مێشکیانە، ئەگەر وای دابنێین، پێشیانە، دووچاری یەکێک لەو دوو بابەتە نەبن کە هەنووکە لەلایەن منەوە قسەی لێ کرا.

ئەگەر یەکێک لاف لێ بدات و بڵێ: ئەو چەوتی و هەڵەیە هەندێک جار کراوە و ئەگەر شتێکی بێتە پێشەوە، بە چاو دەدیترێ، من دەمەوێ، ئەگەرچی ئەمە پتر بە شاراوەیی ماوەتەوە، لە کاتی بیستنیشیدا بە هەست پێ نەکراوی ماوەتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا لە دژی هیچ گازندەیەک ناکەم.

(٤٣) ڕەوشێکی دیکە هەیە، دەچێتەوە سەر ئەو ڕەوشانە کە بە کردەوە پتر بڵاوە و هۆکاری جیاوازی لە ژماردن نەهاتووی بیروبۆچوونەکان و مشتومڕە. ئەگەر قسەکەر ئەوەی بیری لێ دەکاتەوە دەستنیشان کرد، بەڵام تەنیا هەر بۆ خۆی و هەندێکی دیکە، ئەو وشانە بۆ ئەو کەسەی قسەی بۆ دەکات و بۆ هەندێکی تر بە پێچەوانەوە هەمان دەستنیشان کردن و واتای نابێ، دەکرێ یەکێک لە ئێمە کاتێک گوێ دەگرین، لافی ئەوە لێ بدات هەندێک زیندەوەر لە چاکەکاری و زرنگیدا لە سەرووی مرۆڤەوەن. ئەمە بۆ ئێمە جێگای پەسندکردن نییە، ئێمە ئەو لاف و گەزافە هەڵە و چەوت و زیانبەخشە بە توندی ڕەت دەکەینەوە. دوور نییە ئەو هێز و توانایییەکانی لەشە بە «چاکەکاری» ناوبەرێ، ئینجا بەهۆیەوە ئەوە دەربڕێ کە بیری لێ دەکاتەوە بەبێ ئەوەی درۆ و هیچ هەڵەیەکی بابەتیانە بکات، یان مەبەستی بێ چەند شتێکی تر کە لە یادیدا وێنا و تۆمار کراون دەرببڕێ، یان بە هۆی هەڵەیەکی زمانەوە وا بکات جیاواز لەوەی لە مەبەستیەتی ڕوونی بکاتەوە، بەڵکو ئەو جیا لە ئێمە شتەکە بیریان لێ دەکاتەوە بە ناوێکی دیکەوە ناویان دەبات ئێمە دەستبەجێ لەگەڵیدا دێینەوە ئەگەر بێتو بتوانین بزانین بیر لەچی دەکاتەوە؟! ڕاستە ئەو قسەی کردو مەبەستی خۆی خستەڕوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا نەیتوانی بیروبۆچوونی خۆی بۆمان ئاشکرا و ڕوون بکاتەوە، دەکرێ و دەبێ پێناسەکردنەکان ئەو هەڵەیە بەلاوە بنرێ. بە پێناسەکردنی ئەو کێشەیەی لەبەردەستدایە، زرنگی و بەهرەمەندی چییە ڕوون و

ئاشکرا دەبێ کە مشتومڕەکە دەربارەی شتەکە نییە، بەڵکو دەربارەی وشەکەیە. من ئەوە دەسەلمێنم، ئایا ژمارەی پێناسە چاکەکان کەم نین و بە پەنجەی دەست ناژمێردرێن!؟ لەگەڵ ئەوەشدا، ئیتر لە دژی تیوری و هونەری پێناسەکردن زۆر شت گوتراوە و من بە شیاو پەسندی دانانێم لێرەدا قسە لەو بابەتە بکرێ و بەلامەوە جێگای ڕەزامەندی نییە.

(٤٤) سنووری ڕاستەقینەکە دەبەزێنم، فرە شت هەیە ئێمە بە چاکی گوێمان لێیان نابێ و دەربارەی ڕەوشی ئەو شتە ناوبراو بە بیستراوەکان مشتومڕێکی زۆر بەرپا دەبێت، هەروەک ئەوەی بیستمان، نموونەیەک: لەو نزیکانە کە من وشەیەکی قرتاجی-م Karthago بە وشەی «بەزەیی هاتنەوە» وەرگێڕا، تۆ وەڵامت دامەوە و گوتت تۆ ئەمەت لە باشترین شارەوە ئەو زمانەت بیستووە، بەو وشەیە تۆ تەقوا (ترسی ڕەب لە دڵدا بوون، Frommigkeit ڕەب پەرستی، ئیمانداری- وەرگێڕ» نیشان دەدەی، بەڵام من بەرپەرچت دەدەمەوە و دەڵێم: بەدڵنیاییەوە تۆ بە تەواوەتی ئەوەی بیستت لەبیرچووە، چونکە من وام بیست- وەک بۆم دەردەکەوێ- کە تۆ نەک تەقوا، بەڵکو باوەڕ (ئیمان)ت گوت، ئەگەرچی تۆ لە تەنیشتم دانیشتبووی و ناکرێ ئەو دوو وشەیە بە لەیەکچوونی دەنگەکان بینە مایەی بە هەڵە بیستن، من ماوەیەکی زۆر لەو بڕوایەدابووم کە تۆ ئەو شتانە فێر نەبووی و نەتزانیون کە پێت گوتراون. منیش نەمزانی تۆ چیت گوتووە، خۆ ئەگەر من بەباشی گوێم لێت بووبایە، بە هیچ جۆرێک وام دانەدەنا، کە وشەی قرتاجی تەقواو بەزەیی بە یەک وشە نیشان و ئاماژە پێ بدەی، ناکۆک و ناتەبایە و بە پێچەوانەی ژێرەوەیە، شتی وەک ئەمە زۆرجار ڕوودەدات و دەکەوێتەوە، ئێمە دەخوازین، هەروەک گوترا، ئەمە بەجێ دەهێڵین بۆ ئەوەی ئەو بۆچوونەی لەلا دروست نەبێ کە بەهۆی بنەمای پشتگوێ خستن لە بیستندا، یان بەهۆی کەڕیی مرۆڤەوە دژی وشەکان گازندەیەکی چەوت و هەڵە بکرێت. ئەوی پێشتر گوتم بە نموونەوە پتر ناڕەحەتم دەکات، ئەگەرچی من بەگوێی خۆم بە ڕوونی و جوانی گوێم لە وشەکان بوو، بە تایبەتی لاتینییەکە، لە توانایيمدا نییە، ئەگەرچی من سەر بەو گرووپەی زمانم، لە بیرۆکەکانی قسەکەرەکە تێ بگەم و بیانزانم.

**ئەنجام**

(٤٥): ئێستا دەمەوێ پتر بابەتەکە ڕێکوپێک بکەم، من ڕازیم بیسەلمێنم کە ئەوی گوێی، چەند وشەیەکی زانراو لەلای بێ، دەزانێ کە قسەکەرەکەی بە باشی بیری لەو شتانە کردووەتەوە کە بە زمانەکەی خۆی دەری بڕیون و دەستنیشانی کردوون، بەڵام ئایا لەمە ئەوە دەکەوێتەوە- دەمەوێ لەو بارەیەوە بپرسم- کە ئەو بەو جۆرە ئایا فێر دەبێ و دەزانێ ئەگەر ڕاستی پێ بڵێین.

(١٤): ئایا مامۆستاکان (فێرکاران) ڕوونی دەکەنەوە کە ئەوان لەجیاتی بابەتی پسپۆری خۆیان، بیروبۆچوونی خۆیان دەڵێنەوە و وای دادەنێن؟ کە بە قسەکانیان پێشکەشیان دەکەن؛ چ کەسێک لە ئێمە دەخوازێ منداڵەکانی بنێرێتە قوتابخانە بۆ ئەوەی بەو گەمژەیی و ناشیانە ئەوە فێربن کە مامۆستا بیری لێ دەکاتەوە؟ دوای ئەوەی مامۆستاکان هەموو بابەتە پسپۆرییەکان بڵێنەوە کە بەڵێنیان داوە، ئیتر بابەتی پراکتیکی بێ، یان فەلسەفەی تیوریيانە بە وشە بیخەنە ڕوو، ئیتر ئەوانەی بە قوتابی (شاگرد- خوێندکار) ناودەبرێن، دەگەڕێنەوە سەر ئەوەی بیر بکەنەوە، بەپێی هێز و تواناییان ئەو ڕاستییەی ناخ- ناوەکییە سەرنج بدەن و لێی وردبنەوە. بۆ ئەوەی بزانن ئایا ڕاستی گوتراوە؟

ئەوکات فێر دەبن و کاتێک لە ناخی خۆیاندا بۆیان دەردەکەوێ کە ئەوەی پێیان گوتراوە ڕاستییە، دەست دەکەن بە ستایش کردن بەبێ ئەوەی بزانن کە ئەوان پێکەوە ستایشی قوتابی و مامۆستا دەکەن، ئەگەر هاتو ئەو مامۆستایانە خۆیان بزانن چی دەڵێن، بە ئاشکرا خەڵک بێ ئومێد و دەستخەڕۆ دەبن کاتێک ئەوانەی بە مامۆستا ناویان دەبەن، ئەوان نین! زۆر جار لەنێوان کاتی قسەکردن و کاتی زانین و فێربووندا کات بەسەر ناچێ و ماوەیەک نییە، بە ئاگادارکردنەوە، یان لەلایەن قسەکەر، خێرا و دەستبەجێ لە ناخەوە فێردەبن. ئایا ئەوان لەو باوەڕەدان کە لە دەرەوە و لەلایەن ئەوانەی ئاگادار کراونەتەوە، فێربوون.

(٤٦): دەربارەی سوود و قازانجی وشەکان بە تێکڕایی، ئەگەر بە وردی سەرنج بدرێ، کەم نییە، دەخوازین پشتیوان بە ڕەب، جارێکی تر توێژینەوەی لە بارەیەوە بکەین. من لەو ساتەوەختەدا داوات لێ دەکەم

له شایستەیی خۆیان پتریان پێ مەبەخشە. لەپێناوی ئەمەدا داوام کردووە بۆ ئەوەی هیچی تر تەنیا هەر باوەڕ نەکەین، بەڵکو بیزانین و بیناسین چ فەرمایشتە نووسراوەکەی ڕەب ڕاستودروستە، نابێ ئێمە لەسەر زەوی هیچ کەسێک بە مامۆستا و فێرکارمان ناوبەرین، چونکە تاکە مامۆستایەک هەیە لە ئاسمانە (مەتتا- ٢٣-١٠) هەر ئەو خۆی فێرمان دەکات چی لە ئاسماندا هەیە. لە ڕێگای مرۆڤەوە سیمبۆل و نیشانەی دەرەکیمان پێ دەبەخشێ بۆ ئەوەی بۆ چوونەوە سەر ناخی دەروون و لێوەی فێر بین، ئەومان خۆش بوێ و بیناسین، ئەمە بەختەوەرترینی ژینە. ژیانێک گشت خەڵک سەرگەرمی بەدوادا گەڕان و سۆراخ کردنین، بەڵام کەمایەتییەک دەستگیری دەکەن و پێی شاد دەبن.

## کۆتایی بەگشتی

تکایە ئێستا پێم بڵێ، بیروڕای تۆ چییە دەربارەی گفتوگۆکان بە تێکڕایی. ئەگەر تۆ بە تایبەتی بزانی ئەوی گوتراوە ڕاستە، ئینجا دەربارەی تێزە وردەکارییەکان لێت بپرسرێ، دەڵێی من دەیزانم، ساغی دەکەیەوە کە دەیزانی، کەوابوو دواتر دەزانی لە چ کەسێکەوە ئەمانە فێربووی. لەمنەوە نەبووە، چونکە ئەگەرنا ئەوکاتە وەڵامی گشت پرسیارەکانت دەدایەوە دەربارەی هەموو ئەوانەی دەیانزانی. خۆ ئەگەر ڕاستی چییە نەیزانی، نە من نە کەسێکی تر و نە ئەو فێریان نەکردووی. من هەر نا ، چونکە من ناتوانم فێر بکەم ئەویش هەر فێری نەکردووی، چونکە تۆ تا ئێستا توانایی فێربوونت نییە.

**ئەدیودات:** ئەوی ڕاستی بێ، من بەهۆی ئاگادار کردنەوەکەت، وشەکان فێربووم و زانیم: مرۆڤ بەهۆی وشەکانەوە بە ئاگادارکردنەوەوە داوای لێ دەکرێ بۆ ئەوەی فێربێ، هیچ ڕێی تێ ناچێت بە ڕێگای زمان و قسەکردن بیروبۆچوونە گرینگەکانی قسەکەرمان بۆ دەربکەون و پەردەیان لەسەر لابدرێ، دواتر فێر بووم و زانیم ئایا مامۆستا بە تەنیا ڕاستی گوتووە کە ئەوەی وەبیرهێنایەوە، ئەو، ئەگەرچی دەرکی قسەی کردووە، بەڵام لەناو ناخدایە. ئەو خۆی وا نیشان دا کە بەزەیی بەماندا دێتەوە و- منیش لە بەرانبەر ئەو خۆشەویستییە گەرموگوڕەدا هەوڵ دەدەم لە پرۆسەی فێربووندا بەرەو پێش بچم، ئینجا من بەرانبەر بەو وتارە نەپساوەیە کە دات، ئەوپەڕی سپاس گوزارم، چونکە ئێوە گشت ڕەخنە و گازندەکان کە دەمویست بیانگرم و بیانکەم، پێشییانە پێشبینیت کردن و کاڵت کردنەوە. بە ئاسانی و ساکاری هیچ شتێک لەلایەن تۆوە پشتگوێ نەخرا کە ببێتە مایەی بەرپاکردنی گومان لە دڵمدا. دەربارەی گشت بابەتەکان پێشبینییە نهێنییەکەت وا وەڵامی دایەوە چۆن تۆ وشە و قسەکانت دووپات کردەوە.

**قەڵادزێ**
**بنەوشان- پیران**
**٢٠١٨ز**


**سەرچاوە:**

**Augustinus: De magistro. Uber den Lehrer. Reclam. Stuttgart 1998. S.77.**


**(١) ئەو قسەیەی ئۆگۆستینی پاک سەرنج بۆ ئەو بنەما بنەڕەتییەی فەلسەفەی ئیسلام ڕادەکێشی، بە تایبەتی لەلای بو عەلی سینای بوخاری و فارابی تاجیکی، کە دەڵێ:**
**- الوجود بالغير.**
**- الوجود بالذات.**
**- دەبێ تا چەند ئەو کەڵە فەیلەسووفە(دیانە- گاورە) سوودی لەو فەیلەسووفانەی ئیسلام وەرگرتووە؟ پرسیارێکە وەڵامەکە وا ئاسان نییە.(وەرگێڕ)**

**(٢) چیرۆک و ڕوواوی ئەو سێ لاوە جوولەکەیە (عیبرانیە) کە نەو بەخت نەسر فڕێی داونەتە نێو دۆزەخەوە و نە سووتاون لە تەوراتی جوولەکە- سفری دانیال ٣: ٩٤-٩٧دا هاتووە.**

**(٣) وەک من بۆی بچم ئۆگۆستینی پاک لابەلایی ئەو قسانەی کردووە و مەبەستی پتر بەلای باوەڕ و ئیماندا چوونە، بەڵام هیچ گومان لەوە ناکرێ کە ئەو دەقە- پەرەگرافە بنەڕەتی پرۆسەی زانینە کە دواتر لەلای جۆن لۆک بوو بە بابەتێکی سەربەخۆ کە بە ئێپستمۆلۆجی- تیوری زانین- ناودەبرێ و شان بە شانی لۆجیک بابەتی سەرەکی فەلسەفەیە. ئایا دەشێ بپرسین لەو پەرەگرافەوە لۆک چەند سوودی پێگەیشتووە!؟ تا چەند سەرنجی ڕاکێشاوە و هاندەری ئەو نووسینەی بووە کە بە چەند توێژینەوەیەکی تێگەیشتنی مرۆڤ ناسراوە. (وەرگێڕ).**